حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (302)

# پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا





## پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

بابەت: شیعر
نوسەر: ئاوێزان نوری
نەخشەسازیو کۆمپیوتەر:مەهدی ئەحمەد
سەرپەرشتیاری چاپ:عەتا مەحمود
بەرگ:عومەر سەیدە
چاپ:چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردنی (35)ی ساڵی 2005ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

بەئاو..

کە سپێدان, ڕێگایەک بۆ شۆڕبوونەوەی شیعر

دەدۆزێتەوە.

بە دایکم..

کە هەمیشە شیعر لە چاوەکانیدا ماندەگرێ

بەو عەشقەی فێری سوتانی کردم

بە هاوڕێکانم کەلەو ڕۆژەگارە تاڵانەدا ..

فێری وانەکانی سەبریان کردم.

پێشکەشە





# ئەفسوس.. تۆ درەنگ گەیشتی..!

"پێشکەشە بە یەکێ لە پاڵەوانەکانی دواهەمین هەناری دونیا"

بەر لەهاتنت شکا, ئاوێنەی ژین

کە ئیدی من جارێکی دی ناتوانم ببمە

"زولێخا"و..

عاشقی جوانی "یوسف"بم

نەتۆش دەتوانی ببی بە تەمی "فەرهاد"..

دوای مەرگیشت..

"شیرین"دڵداری لەگەڵ گڵەمتکێی گۆڕەکەتدا

بکات

ئەفسوس.. تۆ درەنگ گەیشتی..!

کاتێ لافاوی باران تۆی هێنایە بەر پەنجەرەکەم
و..
پەناهەندەی ژیانی بۆ نووسیتەوە
من دەمێک بوو..
پەساپۆرتی کۆچەریم لەنێو باخەڵدا بوو
بە شەمەندەفەرەکانی هەور کۆچم دەکردو..
دەگەڕام بۆ دەڤەرەکانی بێ دەنگی
تۆ کاتێ بە کلیلەکانی ژیان, دەرگای جیهانت
کردەوەو..
پیاسەت بەنێو کوچەو کۆڵانەکاندا دەکرد
من دەمێک بوو لەپشت پەردەی پەنجەرەکانەوە
تەماشاکانی لەزەتی ژیانم کوێر دەکردەوە
تۆ کاتێ چویتە سەر بەرماڵی "وجود"
من دەمێک بوو..
پەنجەی شایەتمانم بۆ قبلەی مردن بردبوو





ئەوین کاتێ ختوکەی دای
نەهەم لە عەشق کردبوو
زەمەنێک بوو ئەو قەدەرەم جێ هێشتبوو
تۆش لەوێندەر تازە..تازە..
بەدوای شوناسی خۆتدا دەگەڕای
تۆ کە هاتی تەنیا هاتی
من کەسێ دیم لەگەڵدابوو
تەنها پیاوێک بووی لەشوشە
ئێمە دوو مەخلوق بووین لەبەرد
دونیا لای تۆ شوشەیی بوو
دونیای ئێمەش, سپی..سپی
وەکو لاپەڕەی قەدەرێکی نەنوسراو
ژیان لای تۆ یاریکردن بوو بە کلیل
لە لای ئێمەش, چڕینی گۆرانیەک بوو
نەدەبایە بەر لەئێمە کەسێکی دی بیگوتایە

ئەمێستا تۆ بۆچی هاتی..؟

گەر دەتەویست خواردنی سێوێک حەڵاڵکەیت

دەبایە پێشتر بەپەلکی دار هەنارێک

نیگای جەلادەکان بسڕی

گەر دەتەویست خۆت لەباڵای لاولاوی من

بئاڵێنیەو..

بەدیواری زەمەندا خۆت هەڵبزنی

دەبایە پێشتر لە کەناری شادەریا

وەک شۆڕەبی کرنۆش ببەی

تا سەرچاوەی دەڕژاندە نێو جۆگەلەکانی دڵتەوە

ئەفسوس زۆر درەنگ گەیشتی..!

تۆ کە هاتی..

تەنها پیاوێک بووی لە شوشەو..

شوشە لە تۆ..!





نەدەبایە ئاوێنەی قەیرەکچێک بی

تا لە داخی چاوەڕوانی قسمەتی خۆی

بە حەسرەت درزت تێبکات

نەدەبایە پێغەمبەربی

گورگی ئێرەیی بتخوات و..

بیری مەرگ حەشارت دات

نا..دڵشوشە

تۆ ئاوێنەی پەیکەری خۆپەرست نەبوی

یوسف نەبوی..

تۆ پەنجەرەی قەدەرێک بووی

بەبەردی دالاستیکی دەستی زەمانێک

وردوخاش بووی

# کردنەوەی دەرگاکانی حاڵیبوون

z

(بەر لەوەی وەک شیعر هەڵقرچێم حەزدەکەم پەنجەرەکەت بخەیتە سەرپشت )

کەی بە ڕوومدا

پەنجەرەکانی حەقیقەت دەخەیتە سەر پشت

و..

خەندەیەک بەلێوی کردنەوەیدا..

بۆ کلۆڵی من دەڕژێ

من دەمێکە تامەزرۆی ئاشنابوونی

یەکەمین نیگای ڕووخساری تۆم

ڕووخسارێک هەمیشە خەونەکانی منی تیا

ڕاکشێو ..

خونچە عشقێک لەناخمدا کەوی ببێ

چۆن پێت بڵێم..

تەنها هەر تۆ غەمبار نیت و..

منیش هاوڕێیەکی هەمیشەیی تەنیاییم و..





شیعرەکانم وەک سەماکانی هەڵوەرین,

ئاشنای هەناسەکانی پایزو..

سێبەری کچێکی یاخین لەژیان

چۆن پێت بڵێم..

گەر تۆ ئالودەی وەرزێکی قەترانی بیت و..

منیش پەنجەرەیەک نەبێ باوەشی پیابکەم

بۆ ئاسودەییو.. وتنەوەی گۆرانیەکی

ڕۆمانسیو..

زڕەی پیاڵەکانی بادە

من عاشقێکی هەژارم

بەقومێ مەی سەرخۆش دەبم

کەتونێتی پێبشکێنم

لەدەرگای دڵت دەوەستام

دەرگات لێم نەدەکردەوە

رێگەت نەدام

تاکێ پەنجەرەی ناخمت بۆبکەمەوە

تێتگەیەنم

کەمن لەتۆو لەتەنیایی تەنیاترو..

بەدیار گەڕانەوەی حەقیقەت..

دەفتەری ڕۆژەکانم ڕەش دەکەمەوە

بەکۆڵانە باریکەکانی میحنەتا ڕێم کردووە

بەسەر باڵەکانی یەئسا هەڵفڕیوم

لەنەزانیندا هەموو شتێکم

نەزانینێ

لەگۆڕەپانی ئەم ژیانەدا دەوەستام

بەر لەوەی پشوو بدەم





پێیان دەگووتم وریابە

وریابونێ , لە گاڵەگاڵی ئەو هۆڵەی

کەقامکێ نەبوو بۆژەنینی عودەکەم

ئاوازێک, نەبوو بۆ چونە نێو زەنگی خەیاڵمەوە

کە ئەوانەشم دیتەوە

کەس نەمایەوە گوێ لەژەنینی گریانەکانم بگرێ

ئەی ئەو کەسەی لەبێدەنگی تەنیاترو..

لەتەنیایی ناسکتری

چۆن پێت بڵێم

کەمن کچە پایزێکم

ئاهەنگی مردن دەگێڕم

تەرمی چەندین گەڵای شەهید

بەشان و ملی (ڕەشەبا)دا هەڵدەگرم
چۆن پێت بڵێم
کە من هەروەک دەرۆزەکەر
لەبەر دەرگای دڵی تۆدا
دەست بۆ کێشانی جگەرەیەک پان دەکەمەوە
تا لە درزی دیواری دڵدا
نیگایەک بەڕووتی بێتە ژورەوە
ئەوسا ئیتر هەناسەکەم..
بۆ وێڵبوونی (مەم و زین)دەژێمەوە
بۆ پرچی (زین)پێکەنین و..
بۆ (شیرین)یش کۆشکی شیعر دروست دەکەم
ئەوسا ئیتر





ترس و ئەشکەنجەو تەنیاییت دەتارێنم
دێم وەک دڵۆپە ئاوێک روتت دەکەمەوە
تا برینەکانمی پێ تەربکەم
پێکێ لەخەمی سیمای زەردتا لێو ڕێژ بکەم
من خەریکە ئەشکی گومان هەڵدەڕێژم
گومان لەبێ مانایی ژیان
گومان..
لەحەقیقەتێکی لەگۆچو
گومان لەتۆو..
لەبێدەنگیو سیمای کاڵت
گومان لە بوونی خۆم دەکەم

گومان لەو عشقەش دەكەم

كەلە دۆسێیەكی درۆزندا بۆ من وتۆ
نوسراوەتەوە
ئیدی مەڵێ من تەنیام و خەم لەناخمدا ڕاكشاوە
مەڵێ ڕەشەبای نامۆیی تەنها لەمندا هەڵیكرد
بپەڕێوە لەشەقامی ترس و ماتەم
لەم شوێنە شوشەییدا بیركەرەوە
بمبەخشە.. دە بمبەخشە لە چاوەڕوانی
بێدەنگیت
ئیدی وەرە.. بالەو دیو وەرزی نامۆییەو..
لەپشت ئەندێشە مەستەكانی تەنیاییمدا





ئێوارەیەكی مزر بۆ پیاسەكان بخوازین
لەقەسیدەیەك بچێ چاوەكانی كز
سەمفۆنیای دێڕەكانی بەئاوێنەی شیعرەكانا..
بۆ ئەوێندەر هەڵزنێ

تا بزانم كە منیش هەم

کەخۆم سەدا

کەخۆم عاشقێکی هەودا

بەڵام داخەکەم ناتوانم

چیت پێ بڵێم

## ئەوە من بووم

ئەو کەسەی بە وشکی تەریان کردو بەتاوان

شۆڕیانەوە

ئەوە من بوم

ئەو کەسەی پێناسەی عومری دیار نەکراو..

ئەلبۆمی ئۆقرەیان سووتاند

ئەوە من بوم





ئەو ئەختەرەی کەدور بوو لەتریفەی مانگە

شەوو..

بەیانییە پڕتەقاڵییەکان

ئەوە منم و ئەوە من بوم

ئەو ئاسکەی لەبێستانی راوچییەکاندا ..

بەگوللەی تاوان بریندار کراو.. کراسەکانی

مردنیان کردە بەری

ئەوە من بوم

بێ باخەوان بوو باخی ئەوینم

بۆیە ئەو کاتەی خونچە گوڵێک بوم

بەر لەوەی بگەشێمەوە

ڕەشەبایەک هەڵیوەراندم

ئەو هەموو تارماییەی لەئاسمانی نیگاکانمدا

ئەیبینن

ئەوە تەمی ئاخ و ئۆفی هەناسەمە

نە مانگ خۆی کردە هاوڕێم و ..

نە ڕۆژگارێک ئاسۆی داپێم

تەنها خۆم و سێبەرە بەجێماوەکەم

بە ئاڵۆزی پرچی ڕۆژگار ئەهۆنینەوە

رۆژێ نەبوو بەکۆشکێکی دنیاییمدا ئاشنابم





ساتێ نەبوو نیگای لاوێکی بەوەفا

تیشکی حەقی هەڵداتە باخەڵی دڵم

تاوەکو..

لەمەملەکەتی حەقیقەت خۆم ببینم

بۆیە عومرم نغرۆ بووەو..

مانەوەم بۆ هەڵوەرین دەسوتێ.

## ئەگەر

گەر هەتوانی زامی عشقی
من عاشقێکی بێ هۆشم
گەر شەرابی دڵداری تۆ
بەپێکی نیگات سەرخۆشم

گەر تۆ گوڵی من پەپولە
هەڵاڵەی عشقت دەمژم
گەر باخچەیەکی زەرد پۆشی
بۆ سەوزیت ئەشك دەڕژم





گەر بەهەشتی من دەروێشێ
کرنۆش بردوی بەر دەرگاتم
گەر دۆزەخی من زاڵمێ
بۆ نێو گڕی بەسوێت هاتم

گەر شەماڵی وەرەو بڕۆ
لەخاك و تەخت و ناو باخم
گەر شەپۆلی منم دەریا
سەمای زریان بخە ناخم

گەر خاکێکی بێبارانی
من ڕەهێڵەی بارانی تۆم
گەر وڵاتێکی بێ نەخشەی
من سنوری شارانی تۆم

گەر وەک منیش عاشقێکیت
وەرە خۆت تەڕکە بە رەنگم
گەر نازانی عەشق چیە
مۆسیقای ژیانە دەنگم

## پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا



پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

من نازانم..
قەدەر بەنێو کام تەلەزی ئەزمووندا..
پەلکێشم دەکات
بەگێڕانەوەی مەرسەلای کام واقیع و..
نووسینەوەی کام حەقیقەت
لەنێو دێڕەکانی زەمەن..
هەناسەم نابەڵەد دەکات
چەند گوناهە هەڵوەرینی گەڵاکانی رۆح..
بەسەر خاکی نەزانیندا
چەند بەدبەختە ئەو دەستانەی..
دەستەکانی من دەگوشێو..

پەشیمانی گۆرانیەکی خەزانیی بۆ دەچڕێ

چەند نامۆن ئەو شیعرانەی لەمن دەبن

تاکو ناوێکیان لێدەنێم

تا حەرفێکیان دەکەمە بەر

هەزاران کفنی بوختانی بۆ دەبڕن

تا لەبەختی سیا بدوێو..

بەخۆشنووسی..

لە زاکیرەی تاشەبەردی تەنیاییم بنوسرێتەوە

من زۆر کاڵم لەزانیندا

وەک ڕەنگی ئاو

وەک بۆنی ئاو

وەک پیاسەی ئاو





وەک ئەو شادیەی دەڕژێتە ژوری عەدەم

قامکەکانی یاخی دەکات

لەژەنینی کەمانچەی روحی زەمەن

من زۆر ماندوم

هێندە بەدوی قەدەر کەوتم روح مەرتان بوو

هێز لەئەژنۆکانم بڕا

نازانم چۆن بتوانم دەست بەرداری بم

نا.. ناتوانم

ئەوەتانێ شەو درەنگەو..

شەقام نوستوو

کاتژمێری بێدەنگی پرخە پرخی دێ

کەچی خەیاڵەکانم..

بەرەڵڵای کۆڵانەکانی ژیان بوونەو..

(شەوە) دەستی لێوەشاندن

خەیاڵەکانم ترساون

دەبێ سبەی پێش بانگدانی مەلای مەغرب

یەک یەک بیانگرمە باوەش

بەسەر ئاگردا بازبدەم

(با)یەک بێت و..

پێم بڵێ ئەوە چی دەکەی؟!

- ترسی خەیاڵم دەردەکەم

توانای ترس دەرکردنی ئەو هەموو خەیاڵەم

هەیە..؟!

نازانم.. نا





نەزانین تا ناقرِگەم هاتووە

هەناسەم سوار

فریای ژماردنی لێدان و ترپەی دڵم ناکەوم

تا لە سەر پسولەی حەسرەت بینوسم و ..

هەڵیدەمە نێو فارگۆنی ( بوون) بۆ ئەرشیف

ئەترسم ڕۆژێ مەرگ بێو..

من نەزانم

لافیتەی مەرگم کام دیوار لە خۆی دەگرێ..!

من لەسەر پێخەفی نەزانیندا دەمرم

بەر لەوەی لەخۆم حاڵیی بم

بۆ کێ دەژیم

بۆ كێ دەمرم

كێم خۆشدەوێ

ئەدی كێ منی خۆشدەوێ..؟

گەر دەستم كورتەو نایگاتێ

بۆ بەدڵۆپە ئاوەكانی سەر پەڕەی گوڵ..

گەروی وشكم تەڕناكات

ئاخ! كە ئەوەشم نەزانی

چەند بەسەزمانە ئەوین

بۆ مێژووش نانوسرێتەوەو..

دەبێتە پیادەڕەوی قەدەر.........

قەدەر.........





قەدەر..

## حەیرانێك بۆ برینەكانی خاك

من سوارێك بووم بێ تەجروبە لە سوار بووندا

ڕێبوارێك بووم بەكۆڵێ پڕ لە خەمەوە

بەسەر شان و یەخەمدا

ڕێگەم دەبڕی لای ژیان

بەبێ ئەوەی بیناسم

یا ناونیشانی بزانم

لەكوێوە هات بۆ كوێ دەڕوا

لەكام میحنەت سەری هەڵدا

نەوەی كێیە
ماڵی كەوتۆتە كام گەڕەكی دنیاوە
نەمدەزانی

تا گەیشتمە پیشانگایەك
پەردەی سەر برینی یەكەمم هەڵدایەوە
هیچ لەماناو ڕەنگی مردن حاڵیی نەبووم
كە دەمبینی دوكەڵێكی ڕەش دەباریێو
داس.. خەمی دەدرونیەوەو..
سیروان شەپۆلە خوێنی دەداو..
بەرداش دوكەڵی دەهاڕیو..
بێژەنگ تۆزی دەدایە (با)..



پیاسەیەك بە كوچەكانی قەدەردا

چەندین پەپولەی مەمكە مژ
لە ئامێزی خونچەكاندا
وەك هەزاران گوڵ فریشتە
هەناسە هاوێر كرابوون

شەهرەزادو شەهرەیاریش
بە دیار وەهمەكانی هەزارو یەك شەوەوە
ڕاكشابوون
تازە گوڵ و قەیرە گوڵ و باریكە گوڵ
پێنج هەزار خەیاڵ بەباڵێك
بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕین
تا هەندێك سۆز بخەنە نێو دڵی خوداو..

تاوێک گریانەکانی بەسەر گۆنای نیشتماندا
بهێننە خوارێ
پەردەی سەر برینی دووەمم هەڵدایەوە
هەمان سەراب هیچ لە مردن حاڵیی نەبووم
گەر چی وەک زەنگی مردنی هەناسەکانی یەکەم
تابلۆ
لەمەیان بۆتە گەردەلول و..
ئەهریمەنیش..

مندالێ دەباو گریانی بۆ ئەندێشەکانی خاک
بەجێدێڵێ





ژنان دەباو مەمکیان  ئابروی تکاوی قەحتان و
عەدنان دەیدزن
پیاوان دەباو غیرەتیان ئەڵقاوێز دەکات
پیرە ژن و پیرە پیاویش
لەپەنای سێبەری حەسرەتەکانی ئەوان
پاڵکەوتبوون
بەپاڵتۆیەکی دڕاوی پینە کراو
بەئەسرینێکی شاراوەی نادیار لە چاو دەهاتە
خوار
تەزبیحێکی قەزوان
دەنک دەنک مەرگی هاتنەوەیان دەژمارد
تا خەتمیان کرد
برینێ دیم هەڵدایەوە

برینێ دیەو  برینێ دیەو برین برین
سەرم سورماو حاڵیی نەبوم
برینێ دیم هەڵدایەوە
منداڵێک هاتە بەردەمم
لێمی پرسی
خانمی بەخەمی ئەم چەرخەم
مانای ئەم برینە چیە بە دیواری زەمەنەوە
هەستم کرد دۆڵ و بێشەکان لە پرسیارەکانی
ئەوو..
کۆشی بێدەنگی مندا کپ بوون
جۆگەلەکان تینوی قومێک ئاشنایی بوون
گەڵای دارو درەختەکان
هەناسەیان هەردەم سوارو..



پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

چاوەروانی هاتنەوەی شەماڵ بوون ..
بۆن و بەرامەی بەسەر ئەم وولاْتەدا پەخش
بکات ..
منیش لەژێر باری ڕەشماڵی خەفەتا
هاتمە وەلاْم
« جەژنی قوربانە بە قوربان جەژنی قوربان
نۆبەتی قوربانیە ..
بۆتۆ قوربانی کوردستان
گیانی من قوربانتە»
هەیهات 00هەیهات
لە نێو ئەم تابلۆیەدا گەردوون وەرگەڕا

کاتێ جریوەی چۆلەکەو ..
قاسپەی کەوو..

گمە گمی کۆترو.. گریانی قومری
هاژەی چەم و.. ناڵەی کەنار
شنەی گەڵاو..
دەنگی شمشاڵ
گوڵە نێرگز دیاری بەهار
چەپک.. چەپک.. پێشکەش دەکرا
ئەو بەهارەی ئەرخەوان
دەیان گوڵی برایەتی دەپشکاندو..
دەم پێکەنین, ڕووخسار رەنگین



پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

هەمان تابلۆو.. هەمان برین
خەندە گریا، رووخسار وون بوو
نێرگز سور بوو،

هەورێکی ڕەش، برژانگی خۆری هەڵوەراند
ڕەشەبایە، لق و پۆپی ئەرخەوانی شکاند
قەلە رەشکە بە قیغە قیغ
باڵندەکانی کپ کردو..
شەماڵ لوول بوو، گەردەلوول بوو
جۆگەو کانی بوون بە دەریایەکی خوێنین و
شەپۆلیاندا
سەدان قوربانی بەجارێ پێشکەش کرا

لەنێوانیان دوو پەپولە
پەڕو باڵیان هەڵپروکا
کاتێ کەخۆم هاتەوە یاد
چاک حاڵیی بووم
لە پیشانگای نیشتمان دام

ئەمە تابلۆی زامەکانی خاکی منە
بوون بەبیابانێکی ڕەش بۆ داڵەکانی مەرگ
ئەوە ئێمەین..
گومان دەکەین لەسەفینە گەورەکەی نوح
یان خۆمانین
لەبەلەمێکی ئەفلیجی سەر وشکایی



پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

ئەدی کێیە لایداوەتە قەراغ دونیا
(ئیبراهیمە) یا (زەردەشت)
لەو تەختاییە عیبادەت بۆ خاک دەکات
ئەی هەر خودای ئەوان نەبوو
ئەم تابلۆیانەی دەکێشا
دەنگێ نەبوو, وەڵام نەبوو

لە پڕ هاوارم کرد..هاوار
ئەی شێوەکاری ئەم دونیا
ئەی ئاهورا
تاکەی لەحزوری عەرشت
ناڵەمان بەرگی حەوتی ئاسمانت ببڕێ
دەخیلە چاوێ هەڵبرە

**تاکەی نەوەی ئەم زەردەشتە**
**بەسەر پردی سەبری ئەیوبدا هەنگاو بنێ**
**تاکەی گوڵاڵە سورەی من**
**بەخوێنی خۆم ئاو بدرێ**
**تاکەی دوندو ترۆپکانمان..**
**تارای ڕەشەبا بپۆشن**
**تاکەی ئەی ئاهورا تاکەی..؟!**

## کەی؟

**کەی ئەبڕێتەوە ئازاری سەختم**
**کەوا لەدنیا رەش بووە بەختم**

**کەی فرمێسک بسڕێ چاوانی رەشم**





**کەی بێتەوە رووم خەندەکەی گەشم**

**شەپۆلی ئافات کەی ئەبڕێتەوە**
**ناوم لەپەڕەی رەش بسڕێتەوە**

**کەی بێ هەتوان بێ ئازارو ئێشم**
**تاکەی لەدونیا من ئاخ هەڵکێشم**

**ئاورنگی دڵم کەی ئەکوژێتەوە**
**تابای هەناسەم فێنک بێتەوە**

تاكەی من تاڵی شەراب بنۆشم
تاكەی بگەڕێم بۆ عەقل و هۆشم

كەی بێو تاكەی بێ ژینم عەزاب بێ
تاكەی خۆشی من وەهم و سەراب بێ

*****************

## هەنگاوێك بەرەو ئاسۆ

بەرەو ئاسۆ
واكەوتمە ڕێ
تارابردووم بەجێ بێڵم





گۆزەی مێشكی پڕ ئەندێشەم
بدەم بەئەرزداو بیشكێنم
هەنگاوێكەو دەگەمە ئاسۆ
رابردووم ئەڵقاوێز دەكەم
تا جارێ دی نەمگەڕێنێتەوە دوا
بۆدوا سەفەر
ئەڵقەی نامۆیی لەپەنجەم فڕێدەم
هاتوم باڵی قەلەڕەشكەی خەمەكانم بڕۆتێنم

تەنیایی تەریق بكەمەوە
قەترە .. قەترە شەرمی لێ بچۆڕێتەوە

تا نەتوانیٚ جاریٚکی دی چاو بەرووخسارمدا
هەڵبڕیٚ
هەنگاویٚکەو بەرەو ئاسۆ
دڵم دەکەم بە هۆمایەک
لەئاسمانی عاشقانە حەیران بڵیٚ
پەنجەم دەکەم بەخامەیەک
خویٚن مەرەکەب
شعریش دەکەم بەئەرخەوان
لەناخمدا لە دەریایەکی بیٚ بن و بیٚ شەپۆل..
کەهەر لەئۆقیانووس دەچیٚ
خۆم ئەزانم چی ئەڵیٚم و چی ئەنووسم

هەنگاویٚکەو لەگەلٚ ئەودا ئەینیٚم





ئەو ئەسرینەی لەناو چاوم قەتیس ماوە
ئەمڕۆ هاتووم بیباریٚنم وەک باڕیٚزەو..
مالٚ ئاوایی لەخەم بکەم
نامەویٚ چیدی نغرۆ بم لەمە زیاتر
هەنگاویٚکەو لەگەڵیدا ئەینیٚم
بەرگی ڕەشی ئاسمانی بەئافاتم ئەدڕیٚنم
ملوانکەی نائومیٚدی لەگەردنم ئەپسیٚنم
هەنگاویٚکەو بەرەو ئاسۆ
من لەشەویٚکی یەڵدای ئەم دڵە عاشقەم
هەر ئەوەندەم پیٚیە ..
کۆتی دوا کۆیلەییم دەپچڕیٚنم

## خۆرنشینی تەمەن

رۆژگارێکە..

منیش لەنێو سنگی ئەودا هەناسەیەکم دێم و

دەچم

بەدیار کوژانەوەی سات و داگیرسانی شەمێکی

دی

لە یادمە کە منداڵ بووم , پەرییەک بووم, تا

حەوت جەژن

شەم جورئەتی لێ دەرژا لەهاتنە دنیام بە رووتی

تەمەن لە پەیژەکانی زەمەن سەرکەوت و..

شەمیش پڕ بوو لەبەرائەت

منیش بووم بە چۆلەکە,

سنگی ئاسۆم دەکرد بە هێلانەیەک و..

بەجریوەم شیعر دەهاتە خەبەرو..

بەفڕینم باڵی دەگرت





دوا بەدوای ئەو شەمەکانم, شەرم لەروویان

دەچۆڕا

بۆ تەمەنی هەرزەکاری تازە هەڵچوم

بووم بەدەریاو, ئاسمان لەجوانیو قوڵی من

,کراسی شینی دەپۆشی

تالەبەر ئاوێنەکەی من خۆی بدیبا

لەگەڵ سەرکەوتن لەپەیژە..

وەریان گرتم لەقوتابخانەی گەنجێتی

یەکەم وانەم پەیڕەوی بەرنامەکانی پەپولەبوو

کە بزانم گۆنای گوڵەکان چۆن ماچ بکەن

بەلاّم بەر لەوەی فێری بم ,قەدەر تاوانێکی کردو
شەمی گریان
بەدیار کوشتنی کچێنیم,

بەلاّم دونیا , ئەمێستا من
نەفریشتە بێگەردەکەی حەوت سالاّنم
تا لەفیردەوسەکانی خوا یاری بکەم
نە ئەو کچە هەرزەکارەم تا دەریابم
شەپۆلەکانم بۆچەند ساتێک
لەنێو کەشتیەکان جۆلانی بکەن
نەبارانم





هاژەی خوناوی تنۆکێ لەسەر تاتە شۆری چنور
بێنمە خوارێ
نەگریانم بۆ کوژانەوەی مۆمەکەی کچێنیمەو..
نەشەمەکانم ئەمجارە
بەرائەتیان لێ دەبارێ
نەجورئەت و نەتاوان و نەشەرم

ئەمجارەیان

منی ئەویندارى سەرشێت ..ژان و حەسرەت

دەچنمەوە

مۆمیش دڵۆپ.. دڵۆپ ئەشک لەنیگاکانی

دەڕێژی

ئەمێستا من

هەر خۆم تەنیا

تەنیا لەگەڵ سێبەرەکەم

سێبەرەکەشم روحی منەو..

بەدیار شیوەنەکانی شەم هێدی ..هێدی

دەتوێینەوە.

## ئێوارەیەک هێشتا لەبونی خۆی بەگومانە





ئای بابە گیان..

خۆزگە بەقەستی بوونم ئەو پێکەت هەڵنەدایە,

بۆ جووت بوون

کەمنی تیا خومار بوم لەپەنا دیوارەکانی زەمەن

نا.. خۆزگە هەر نەبویتایە,

ئەو جا منیش بەهەڵدانی قەهری ڕۆژگار

مەراقەکانم وەک سوتانی ئەستێرەیەک,

بەسەرو پرچی شەوەوە, بۆ وێنەیەکی ڕەش و

سپی

یادەوەریەکان ..

لەکردنەوەی چاوەکانی سەحەردا,

بۆ باوکایەتی تۆو کچێنی بلورینی خۆم..

شەرەفی شەیتانێکم دەشکاندو.. کاڵبونەوەی
خۆمم..
بەشەپۆلی حەسرەتێکەوە دەبردەوە لای وجودی
کەرامەت
چاوەکانی سەحەر پڕ بوون لەگوناه بۆ خستنەوەی
من
سەحەر پیاوەتیەک بوو بەلا ڕوومەتی غەریزەکان
و..
کەوتنەوەی ڕوحێکی تر بۆ ژێر پێی زەمەن
بابە گیان..
چۆن منت بەخشی بەشەهوەتەکان و..



پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

بەزۆر لە دونیات مارە کردم
نەئەو دەرگای بۆ هاتنی من والآ کرد
نەمن چاوەڕێی بینینی ئەوم دەکرد
تۆش لە دووریانی وون بونا ونت کردم
ئێستا بابە..

ڕۆژ نیە تەعنەم لێنەدات و پێم نەڵێ
ئەتۆ کوشتەی ئادەمیت و ..
کۆرپە بێژوی دایە حەوای
هەست و نەستی زنجیر کردوم
بەبێ ئەوەی تابلۆی وجودم بکێشێ
هەڕەشەی مردنم لێدەکات

مردنێک  نەرم نەرم مانەوەم دەخواتەوە

منیش بابە..

لەوەتی بونم نەبونە

مەلی شادم لەکۆچ هەر نەگەڕایەوە

ئیدی بەدوایدا, عەسای غوربەتم هەڵگرتوو..

بەسەر دڕکەزی مردندا باز دەدەم و..

بەرەو مەنزڵگای نامۆیی بوم بە ڕێبوار

هەموو ڕێگەکانم دڕکە

هەموو دڕکێک وەکو تیغێک لەچاوەکانم

دەچەقێت

نا من ناڕۆم





بەڵکو ڕۆژگار دەستی گرتوم

بەپەلە پەل ڕامدەکێشێ

بەرەو تاریکی سپێدەی نیگاکانم و ..

کاڵ بونەوەی پرچی رەشم

بەر لەوەی نۆرەی ناوم بێت بۆ خوێندنەوەی..

قەسیدەیەک یا پەخشانێک لەنێو کۆڕی لاویی و

جوانی

یا تەواو بونی چیرۆکی(برایمۆک) بەدوای کۆچی

(پەری) خان و..

گریانێکی بەباڕێزە لەبۆ عەشقە هاوێرەکەی کچی

سپیی و کوڕی ڕەش و..

یاهەڵدانی پێکێك لە شەرابە ڕۆمانسیە سێ
شەممە سەرابیەکان
توانەوە لەگەڵ کەژاڵ و قاوەیەك لەگەڵ ئەودا
ئابرو بردنی هەتاوو ڕاکردنی بە ڕەنگ زەردی
باسی تورە بونی دەریاو سەر کێشانی بەکەناردا
باسی نێرگزی چاو زەردی پەلك سپی تەمەن
کورت و..
بوکی سپیو, قرچە قرچی دڵی هاوین
باسی ئەوو..
ئەوو.. ئەووو..
باسی خۆم و کەوتوی ژێر ئافاتی هەرەس





باسی بونم
کە تەڵەزگەی بەڵا هەردەم ڕوی تێکردوم
نە بارانێك تاوانەکانم دەشوات و..
نەسۆفیەك نوێژ بۆ بەهەشتم دەکات و..
نەعاشقێك خۆی بەرووحم هەڵدەواسێ
کەسێك نیە قومێك پیاوەتی تیابێ بۆ گێرانەوەی
کچێنی من و..
ئەو ساڵانەی بەناڵەی منەوە سووتان
((بەهەناسەم تاسەی حەزم تەم دەگرێ
باخی عومرم لەئازارا خەم دەگرێ))
بابە.. کردمت بەچیرۆکێ

هەموو خوێنەر بگریێنم

بەکۆتاییەکی بێ تام و پڕ ئەندێشە بیمرێنم

کە مردیشم چاك دەزانم..

گیانم دەبەن,جەستەم دەرخواردی خاك دەدەن

هەرچی شیری منداڵیمە هەمویم پێ هەڵدێننەوە

ئیدی نازانم بۆچی بوم

کەلە بون و نەبونمدا هەر نامۆ بم

پرسیارێکە بەبێ وەڵام

بۆیە دەڵێم ئای بابە گیان

خۆزگە بەقەستی بوونم ئەو پێکەت هەڵنەدایەبۆ

جووت بوون

کەمنی تیا خومار بووم لەپەنا دیوارەکانی زەمەن





## ئەمشەو چاوم ئەستێرەی چۆراو دەڕێژێت

کە ئەمروانیە سیمای چاوە کاڵەکانت

خەونێکی سەوز باوەشی بۆ دەکردەوە

کە روحیشمان ئاوێزانی یەکتر دەبوون

هەستم دەکرد لەنێو فردەوس ڕاکشاوم

بەڵام کاتێ کە جێتهێشتم

ئومێدم بەرەو ئاسۆیەکی ڕەنگ پشکۆیی

کورکانی بۆ رەنجەڕۆیی

پەلکە زێڕینەی گەردونم گڕی گرت و00

خەون و خەیاڵ بوون بە سەراب

**ژینمی بەتابلۆیەکی خۆڵەمێشی گەمارۆدا**

**تۆ نەتزانی من بەبێ تۆ**

**(وەک بەردی بن گۆمە ئاوی شڵەقاوێ**

**ئەم دونیا دێتە پێش چاوم )**

**من بەبێ تۆ**

**پایز زەفەر بە ڕووخساری سەوزم دەباو**00

**گەڵا**00 **گەڵا** 00 **ئەموەرێنێ**

**گڕی دوریت پەرو باڵی ئۆقرەمی هەڵپروزان**

**جا جێم مەهێڵە وەرەوە**

**«بۆ کەناری دەمەو خەونێکی پەمەیی بمبەرەوە**



پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

**تا بزانم لەسەرەڕۆیی‌و مەینەت و چاوەڕوانی چ**

**فەلسەفەیەک گرێ دای»**

**گیان وەرەو**00

**بمکەرەوە بەسونبولی خەون و ئاوات**

**تا لێواو لێو دەبووم لەخەیاڵی ڕەنگاڵەیی‌و**

**نۆش کردنی چەند پێکێک مەی لە ئاوی گوڵ**

0000

**من لەم شەوە یەڵداییەدا**

**«چاوەکانم ئەستێرەی چۆڕاو دەرێژن**

**لێوەکانم گۆرانی نیوە چڵ دەگرن»**

**شیعرەکانم بۆنی تەنیایی دەگرن و**

پەیڤەکانی لەگرمەی ئەشک و زاریدا هەنسک

ئەدەن

جا ئازیزم ئەمشەو وەرەو لە تەنیایی ڕزگارم کە

ژورەکەم پڕ کە لەنورو بۆنی عشقت

گەر نوری نیگای تۆ نەبێ

کێ کونجی ژوری تاریکم بۆ بکاتە چرا خان

تا بەدیار قەڵبەزەی هەناسەی سەما بکەم

ئەشەو وەرە00 تەنها ئەمشەو

نیگاکانم وەک پەپولەی بێ ئۆقرە گر00

باڵەکانی دەبزوێنێ

گەر بێو نەیەیت





پەلکی مەرگ ئەهۆنمەوەو00

چاوەڕوانیم وەکو باران

لەناخی زەوی شۆڕ دەبێتەوەو بزرم دەکات

جا ئازیزم

بەر لەتوانەوەی شەم و00

مەستی خەم و00

بەر لەوەی مانگ نیگای کەژاڵی بچێتە خەوو 00

دڵی لە ئاستی شەوان بێدار بێ

ئەمشەو وەرە 00 تەنها ئەمشەو

جەنگی عشقم لەگەڵ بکەو 00
دوودڵیم لەبیر بەرەوە
باچرپەی هەنگاوەکانت
بێزاریەکەم خامۆش بکات
تا بەدیار سێبەری روحت و00
تیشکی نیگاکانی عشق00
کرنۆش ببەم.. کرنۆش ببەم.

## شەوی یەڵدایە

ئەمجارەشیان
نیگای پڕ لەچاوەروانیم..
وەکو شەوگارانی پێشوم بێ پەروایە





لە ژورێکی ساردو سڕی بێ خەندەوە
من و.. شەم و.. خەمی هاوڕێم
هەرسێك سەرمان ناوەتە یەك
ئەوە کۆڕێکمان بەستووەو..
ناومان لێناوە (بێ دەنگی )!
ئای لەو کاغەزە بێ گەردەی
لەباڵی فریشتە دەچێت
بێ دەنگ.. بێ دەنگ..

گوناهی بەسەر دەبارێ
نازانم نا..
ئەم ڕوو پەرە

چۆن سینگی هێندە فراوانەو ..

بەرگەی گوناهەكان دەگرێ؟

شەم لەحەژمەت ئەم ئافاتە توایەوە

دڵ چووە جێی

ئێستا من و خەم بەجوتە

شین بۆ مەرگی مۆم دەگێڕین

یاران ئەمشەو گەرمە شینەو.. زایەڵەیە

زكرو فكری یادگاریە دورەكانەو..

كۆڕی بێ نەوایی گەرمە

هەر خۆم و خەم

چاو لە چاوی یەكتر دەبڕین





بەبێ هەژمار پرسیار ئاراستەی یەك دەكەین

بەبێ دەنگی هاوار بۆ ئاهورا دەبەین

لەم نهێنییە تێناگەم

ئەم دەرگایە لەبەر چی كلۆم دراوە؟

كێوی هیوای چاوەڕوانیم

بۆ بەسەر یەكدا ڕووخاوە؟

یەسنای روحم هەر یەسناكەی جارانمە

بۆ ڕەنك و رووی تیا نەماوە؟

گوڵە ڕژاوەكانی یەك شەممەیەكی وەك من

ئەسیر

***********************

هەموو ڕۆژێک

لەسەر مێزی چاوەڕوانی لێوەکانت

قاوەی شیعرم بۆ پێکەنینێکی وون دەگرتەوە

لەسەر فەرشە نارنجیەکانی زەمەنیش000

دڵۆپ000 دڵۆپ شیعرم ڕاخست

تا خەونەکانی بەختم

لەسەر شانی مرازێک هەڵبنیشێت و00

قامکی عەشقت

مۆسیقای ئێوارە تەنیاییەکانم بۆ بژەنێ

تا بێ دەنگی بێتە قسەو00





قفڵە ژەنگ گرتووەکانی دەرگای خۆشەویستی

بکرێتەوە

بە سەماوە..

بۆم بگەڕێوە ژێر دەوارەکانی ئەوین

تا بکەوینە ڕامووسانی باران و00

ماڵئاوایی تەرمەکان

بەڵام ئازیز

مەنفاکان لێرەوەڕا

بەر لە خوێندنەوەی فنجانی قاوەکان بەناخمدا

کرانەوە

ناخت بووبە مزرایەک بۆ خەزان

وەک شەپۆلە نوستووەکانی ئۆقیانوسێک
هێمن 00هێمن
دەڕژانە باخەڵی کەنارەوە..!
بەبێ دەنگیەوە لێت پرسیم
لەکەیەوە(00000000) دەناسی00

دەزانی چ پایزێکە
بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدات
خۆی کرد بە ژوری بەهارو00
کەوتە (هەڵوەرینی هێشووی ئایەتەکانی عەشق)و
زەفەر بردن بەرووخساری سەوزی ئەوین00!؟
ئیدی ئاگام لە هیچ نەما





دڵم کەوتە خۆخواردنەوەو00
بێئارامیی‌و بێ ئۆقرەیی بەسەر جەستەمدا ڕژان
زمان لاڵ
گەروم نوقمی هەوری گریان
نەمدەزانی چۆن پێت بڵێم
(ئەو)لەپەنجەرەی ئێرەییەوە

تەماشای من و تۆی دەکرد
(ئەو) دەیەویست
خەیاڵە شەفافەکانی من بشکێنێ‌و
وردە شوشەکانی تۆ کۆیبکەیتەوە
تا بچەقێ بەدەستتداو00

چیدی نەتوانی قەسیدە بۆ کچە عاشقێکی دۆڕاو
بنوسیتەوە
(ئەو)دەیەویست
چیدی شەرابی حوزنە ئاڵتونیەکانم
بەپیاڵەی لێوەکانی تۆ نۆش نەکەم
چیدی نەبم بە باران و000
بەهاژەی خوناوی عەشقت بێمە خوارێ
چیدی پەنجەرە ئاسۆیەک بەرووی مندا
نەکرێتەوە

نەیدەزانی
بەپێکی نیگات مەستم و00





بارانێکم
وەک ڕێگام بزرکردبێو00
بەسەر شان و ملی زەوییەکی نابەڵەددا
000بارییێتم
بەکوتەکوتی گۆچانەکەم
هەنگاو بەرەو دەرگات دێنم
(ئەو) نەیزانی
گەر سپێدە لەمن وون بێ
هەزاران مۆم دەگرییێنم
نەک تەنها (ئەو)تۆش نەتزانی..!
نەتدەزانی من لەحەقیقەت هەڵدێم و00

هەموو ڕۆژێک دەبم بەمیوانی درۆو00
دەست بازی لە گەڵی دەکەم
حەقیقەتێک ببووە نهێنیەک لەلام
نەمدەتوانی ئاشکرای کەم
کەپێت بڵێم
(تۆ ئەستێرەشیعرێکی دەم ئاسۆی سبەینانی منی
کەئەتبینم هێور00 هێور دەڕژێیتە ناو
قەدەرمەوە)
نەتۆ ئەم لوغزەت هەڵهێناو00
نەمن توانیم ئاشکرای کەم
بۆیە گوتم لێم ببورە
لێم ببورە گەرهاتنی من هەورێک بوو
زریان و خەم بەسەر سەری تۆیدا باران





ئیدی بەر لەماڵ ئاوا یی
خۆم و00ئاورێک و00 پەنجەکانم
لەسەر مێزەکەت بەجێماین
لەو کاتەوە00
من و روحی نەمری خامە شکاوەکەم
وەکو خواوەند
بوین بە کێلیقەسیدەی یەک شەممەیەکی
عاشق
عاشق بەتەنیایی تۆو 00
رۆژەکانی تری هەفتە
عاشق بە گوڵە ڕاکشاوەکانی ژێر ساباتی
خۆشەویستی
لێم ببورە

**من و ڕۆژەکان لێرە دەمرین**

**لێرە دەبینەئەو گۆرانییەی بەلێوی وتنەوە00**

**بۆ تەنیایی یەکشەممەکان هەڵوەرین**





**لێم ببورە 00000لێم ببورە**

## ببەخشە..ئاورێکم پێنەما بۆ ژیان

**لە دووڕیانی هات و نەهاتی ژیان هەڵناکەم**

**لەنووسینەوەی تەمەن.. ڕۆژەکان کاڵدەبنەوە..**

**بۆ ڕوانین لەو پەنجەرەیەوە**

**منیش ئیدی نامەویٚ وەک توتیەکی دەمەوەر..**

**لەماڵی ئادەم و حەوا هەرچی بڵێن بیڵێمەوە**

**یان وەکو تۆ..  تۆی مرۆڤ**

**جەلادێک بم بەباڵای خوێندا هەڵزنێم**

**ببمە قابیل هابیلی برام بکوژم**

**بەرنامەکانی ڕۆژانەم**

خەون و خەیاڵ.. خەیاڵ و خەون
چاو هەڵبێنم بڕوانمە لای چەپم دیوار

راستم دیوار ئاسمان دیوار
دیوار..دیوار
دەمەوێ دیوار بڕمێنم
چیدی نامەوێ وەکو تۆ
بونەوەرێکی نەخۆشی
سەرتەختەی شانۆی دەستکردبم
تا کۆتایی بە نمایشکردنم دێت
ئەهریمەن دەمێک بگریێو..
دەمێکیش پێم پێ بکەنێ





رەخنەگرانی ئاسمانیش
دەمێک نەعلەت بنێرن و..
دەمێکیش رەحمەت بنووسن

نا.. نامەوێ
چیدی ببمەوە بەو سەربازە دۆڕاوەی
لەدوای هەموو جەنگێکدا
بەدوودەستی گۆجەوە دەگەڕایەوە
دەستێکی چەکێ ژەنگاویو..
دەستەکەی دی کۆترێکی سەربڕاو بوو
بە دوو چاوی کوێرەوە دەگەڕایەوە..
یەکیان تێزابی گریان و..

چاوەکەی دی مشتێ خاک و خۆڵی دەستەمۆکراو

بەدوودڵ دەگەڕایەوە

دڵێک ترس و.. دڵێک غیرەت

بەدوو گیان دەگەڕایەوە

گیانێکی بۆ ماڵ و منداڵ..

گیانێکی بۆ نیشتمان بوو

نا.. نامەوێ

مرۆڤ هەموو رۆژێک دەمرێ

من نەعلەت لە مردن دەکەم

دەمەوێ وەکو ئۆقیانووس

بەشێک بم لەبێ کۆتایی





تابتوانم..

هەرجێیەکم بوێ بڕۆم

بەگشت کونو کەلەبەری ئەم دونیایەدا بگەڕێم

گەرووی وشکایی تەڕکەمو..

بەتەک لقی درەختەکاندا تێپەڕبم

بەکۆڵانەکانی گوڵدا پیاسە بکەم

بەدەم رێوە شانم لەشانیان بدەمو..

بۆنیان بگرم

تا ئەگەر"با" سەری لێمدا بۆنی ئەوانم لێبکاو..

تاوێک ئێرەییم پێ ببات

ئەمێستا من.. بەزەییم بەتەنیاییا دێت

ئەڵێن خوداش تەنیایە
خۆی دەفەرموێ "وحدی لاشریک لی"
دەخوازم بمکات بەهاوڕێی
تا لەپم لەنێو لەپی بێو..
لەگەڵیدا سەفەر بکەم
لەتەکیدا نهێنیەکان ئاشکراکەم

گەر بۆ جارێکیش بمبەخشێ
لەپێستی مرۆیی دەرچم
نەبادا کرمی گومان لێمداو بۆگەن کەم
گەر بمبەخشێ لە هۆشی مرۆ بەدەر بم
نەبادا حەسرەت بمکوژێ



پیاسەیەک بە کوچەکانی قەدەردا

گەر بمبەخشێ دڵ لەت لەتکەم
نەبادا ئەوین رۆژێ لە خشتەم بەرێ
گەر بمبەخشێ نەزەر نەکەم
نەبادا شەیتان بێو زەفەرم پێ ببات
ئێمە هەموو خەون بەگەڕانەوەی ژیان دەبینین
باشە مردن بۆ "ئەو"ی برد..؟
"ئەم"ی بۆ برد..؟

"تۆ"بۆ دەبات..؟
ئەدی "من"بۆ..؟
مردن کێیەو.. چ نهێنیەکی لەلایە
تا کۆبوونەوەمان پێ بکات؟

چ عەزیایەکی گەورەیە

دەیەوێ هەموومان قوتدات..؟

کێ دەزانێو بەکێ بڵێم

خوداش لە مردن تێناگات

چونکە نامرێ..!

مەگەر "عیسا" وەک سێوێک بەخاچەکەیدا..

بکەوێتە خوارەوە بۆ ژیان

تا پێی بڵێم راستە مردن گەلێک جوانترە لەژیان





هەر وەک باوکم شەوێک لەخەودا پێی ووتم.؟

ئیدی دەمەوێ تێبگەم

گەر وەک "زۆربا" بەسەما تێمبەگەیەنن

چیدی نامەوێ وەڵامی پرسیارەکانم لە خاچ دەن.

## مەرگی عەشقم لەچاوت بینی

زەمەنێکە..

بەرۆژ دەبم بەهەتاوو بۆت دەسوتێم

تاکو بەشانەی ئەوینت پرچی ئاسۆم خاوکەمەوە
کەچی تۆ لەکونجێکی تاریک لەژێر هەیوانێکی
سارددا
خۆت لەنورم حەشارداوە
بەشەو دەبم بەئەستێرەو..
تاکو سەحەر بۆ عەشقت دەگەشێمەوە
کەچی تۆ رقت لەشەوەو..
بەبینینی سەرابێک خۆت بێزار دەکەیت
هەر رۆژی دەبمە گوڵێک و جۆرە بۆنێکم
لێوەدێت
تۆی پەروانە..





بێیت گۆناکانم ماچ بکەیت
کەچی ئازیز تۆ دەمدەیتە دەستی رەشەبای
قەدەرو..
دور بتفڕێنیەو.. منیش پەڕ پەڕ هەڵوەرێنیێ
بۆت دەناڵم, هەنگاو بەرەو شێت بوون دەنێی
دەبمە ژیان, بڕیاری خۆکوشتن دەدەی
چ سڕێکە, مەرگی عەشق لەچاوت خۆی مەڵاس
داوە
سەدەیەک بوو
عەشق دونیای من و تۆ بوو
من پێم ووتی..
بەر لە هەڵکردنی گەردەلولێک لە بیابانی
قەدەرم
شەماڵێک, هاتنی تۆی پێم رادەگەیاند

بەرلە نیشتنەوەی قەلەرەشکەیەک لەسەر
درەختی تەمەنم

تیترواسکەیەک, لەکەناڵە ئەزموونەکان
هەواڵی خۆشەویستی تۆی پەخش دەکرد
بەرلەوەستانی کاتژمێری تەمەنیش ..
تۆ هاتی
تۆش ئازیزم بەرلەوەی بێیت
عەشق هات و تۆی پێم ناساند
ئیدی منیش گوێیەکانم بەقولابی سۆز
لەسەر تەنافی بێدەنگی هەڵخست و..
لەگەڵ هەموو هەنگاوێکت





گوێم لەترپەی دڵی خۆم بوو..
دەیویست لەسینەم دەرپەڕێ بۆ پێشوازیت
کە گەیشتی..بەکلیلێکی بچکۆلە دەرگای جیهان
داخراو

وەک دوو بولبول لەقەفەسێکدا
بەزمانی (ئەڤین) بۆ یەکدی دەمانخوێند
کەچی ئەمڕۆ
بڕیار دەدەی هەموو ژیان کۆکەیتەوەو..
بیکەیتە دڵۆپە ئەشکێک لە گۆنام بیهێنیتە خوارێ
هەناسەکانت بۆنی پایزیان گرتووەو..
ماچەکان هەڵدەوەرێنێ

چ دیواریٚ خۆی دروست کرد لەنێوانی من و تۆدا
کام ئەهریمەن
دەستی لەبەهار وەشاند و..
توشی دەردی  زەردوویی کرد
چی وایلێت کرد..

عەشق بکەیتە رۆژنامەو خۆت سەر نوسەر
تکایە دەرفەتم بدە
بۆ دواجارو دوا ژمارە
هەواڵی مەرگی خۆمت بۆ بنوسمەوە
چیدی توانای گوێگرتنی هیچ چیرۆکێکم نەماوە
چیدی ناتوانم
مانشێتی وەهمی عەشق بخوێنمەوە





کاتێک زانیم عەشق وەهمە کەمەرگیم لەچاوت
بینی
منیش کاتێک بووم بە بەداستان
کە سەرابت کردە ناونیشانی عەشقم
بەڵام ئازیز گەر دەزانی گێرانەوەم ئازارت دەدا
مەمگێرەوە
بالەدەفتەری یادگاریت بەنامۆیی بمێنمەوە.

## زەبوون

خەڵکینە مەڵێن بۆوا   ماتەمی
ئێوە نایچێژن دەردو ئەشکەنجەم
گوڵی تەمەنی تازە  پشکتوم
خۆم هەڵموەران بەدەست و پەنجەم

ئەمێستا ئەوەی کە من نۆشیەکەم
پیریو خەفەتە بەم عومرە گەنجەم
بەڵێ ئازیزان ئەوەیە باسم
بۆیە بێ مەکرو بێ لارو لەنجەم
کۆشکی ژیانم خۆم نغرۆم کردو..
بە فیرۆ رۆیی ئەم هەموو رەنجەم